# تایپۆلۆژیی فرەئەرکیی مۆرفیمی (ەوە) لە زمانی کوردیدا: لێکۆڵینەوەیەکی ( مۆرفۆ-سیمانتیکی )یە لە دەقە فەرمییەکاندا

پ.ی.د.ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان
زانکۆی کەرکوک - کۆلێژی پەروەردە
dr.azad@uokirkuk.edu.iq
بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان - بەشی زمانی کوردی

---

# تعدد الوظائف الصرفية للّاحقة (-ەوە) في اللغة الكردية: دراسة نمطية (تيفولوجية) صرفية-دلالية في النصوص الرسمية.

أ.م.د.ازاد أمين فرج
جامعة كركوك - كلية التربية - قسم اللغة الكردية
dr.azad@uokirkuk.edu.iq

# The Multifunctionality of the Suffix (-ewe) in Kurdish: A Morpho-Semantic Typology of Official Texts

**Asst. Prof. Dr. Azad Ameen Faraj**
**University of Kirkuk - College of Education - Department of Kurdish Language**
dr.azad@uokirkuk.edu.iq

**المستخلص**

تتناول هذه الدراسة التطور الصرفي والدلالي للّاحقة الكردية (-ەوە)، متجاوزةً الرؤية التقليدية التي تحصر وظيفتها في "التكرار" فقط. تتبنى الدراسة منهجاً نمطياً صرفياً-دلالياً (Morpho-Semantic Typology) لتحليل وظائف هذه اللاحقة عبر ثلاث محطات تاريخية ولغوية متباينة: قيد الفترات الشعرية الكلاسيكية (ديوان نالي، ١٨٩٠)، وفترة السرد الحديث (رواية "مخاض الشعب" لإبراهيم أحمد، ١٩٧٢)، والفترة الرسمية المعاصرة (قانون التربية الكردستاني، ٢٠٢٢).

من خلال توظيف إطار "النحونة" (Grammaticalization)، تثبت الدراسة أن اللاحقة (-ەوە) قد تطورت من علامة مكانية-اتجاهية ملموسة (العكسية) إلى أداة نحوية مجردة ومنتجة (التكرارية والبدئية). وتكشف النتائج عن تحول إحصائي كبير؛ فبينما كانت الوظيفة التكرارية (Iterative) - التي تشير إلى إعادة الفعل أو المراجعة الإجرائية - منعدمة تقريباً في القرن التاسع عشر أصبحت هي الوظيفة المهيمنة في الخطاب الرسمي الحديث، حيث تشكل أكثر من ٥٥٪ من حالات الاستخدام في النصوص القانونية المعاصرة. تخلص الدراسة إلى أن (-ەوە) تمثل أداة اصطلاحية استراتيجية في اللغة الكردية، وضرورة لغوية لتحقيق الاقتصاد اللغوي والدقة القانونية. ويعكس هذا التطور القدرة الديناميكية للبنية الصرفية الكردية على التكيف مع متطلبات الإدارة الحديثة ومؤسسات الدولة. الكلمات المفتاحية: الصرف الكردي، الصرف-الدلالي، النحونة، التيفولوجيا (النمطية)، اللاحقة (-ەوە)، الخطاب الرسمي.

**Abstract**

This study investigates the morphological and semantic evolution of the Kurdish suffix (-ewe), moving beyond the traditional view of it as a simple repetitive marker. Adopting a Morpho-Semantic Typology approach, the research analyzes the suffix's functions across three distinct historical and linguistic stages: the classical poetic period (Nali, 1890), the modern narrative period (Ibrahim Ahmad's Zhani Gal, 1972), and the contemporary official period (The Kurdish Education Law, 2022)

By employing the framework of Grammaticalization, the study demonstrates that (-ewe) has evolved from a concrete spatial-directional marker (Reversive) into a highly abstract and productive grammatical tool (Iterative and Inchoative). The findings reveal a

significant statistical shift: while the Iterative function (signifying repetition or procedural review) was virtually non-existent in the 19th century, it has become the dominant function in modern official discourse, accounting for over 55% of its usage in contemporary legal texts. The research concludes that (-ewe) is a strategic terminological instrument in the Kurdish language, essential for achieving linguistic economy and legal precision. This evolution reflects the dynamic capacity of Kurdish morphology to adapt to the requirements of modern administration and statehood.
Keywords: Kurdish Morphology, Morpho-Semantics, Grammaticalization, Typology, Suffix (-ewe), Official Discourse.

پوخته

ئەم لێکۆڵینەوەیە پشکنین بۆ گەشەی مۆرفۆلۆژی و سیمانتیکی پاشگری (ەوە) لە زمانی کوردیدا دەکات و هەوڵ دەدات لەو دیدگا کلاسیکییە دەربچێت کە ئەرکی ئەم مۆرفیمە تەنها لە ( دووپاتکردنەوە ) دا کورت دەکاتەوە. توێژینەوەکە بە پشتبەستن بە میتۆدی تایپۆلۆژیی مۆرفۆ-سیمانتیکی، شیکاری بۆ ئەرکەکانی ئەم پاشگرە لە سێ قۆناغی مێژوویی و زمانیی جیاوازدا دەکات: قۆناغی شیعری کلاسیک (دیوانی نالی، ١٨٩٠)، قۆناغی گێڕانەوەی مۆدێرن (ڕۆمانی ژانی گەلی ئیبراهیم ئەحمەد، ١٩٧٢)، و قۆناغی زمانی فەرمیی هاوچەرخ (یاسای پەروەردەی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٢).

لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی تیۆریی ( بەڕێزمانیکردن - Grammaticalization)دا دەیسەلمێنێت کە مۆرفیمی (ەوە) لە نیشانەیەکی کۆنکرێتی ئاراستەیی و شوێنییەوە، گەشەی کردووە بۆ ئامرازێکی ڕێزمانیی دابڕاو و بەرهەمهێن. ئەنجامە ئامارییەکان وەرچەرخانێکی گەورە نیشان دەدەن؛ لە کاتێکدا ئەرکی دووبارەبوونەوە (Iterative) لە سەدەی نۆزدەیەمدا نزیکەی (٠٪) بووە، لە زمانی فەرمیی هاوچەرخدا بووەتە ئەرکی سەرەکی و پانتایی زیاتر لە ٥٥٪ی بەکارهێنانەکانی لە دەقە یاساییەکاندا داگیر کردووە.

توێژینەوەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە (ەوە) ئامرازێکی زاراوەسازیی ستراتیژییە لە زمانی کوردیدا و دەورێکی بنەڕەتی لە بەدیهێنانی ( پوختەکاریی زمانەوانی ) و ( وردبینیی یاسایی )دا دەبینێت. ئەم گەشەسەندنە ڕەنگدانەوەی توانای داینامیکیی مۆرفۆلۆژیای کوردییە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ پێویستییەکانی دەوڵەتداری و کارگێڕیی مۆدێرن.
کلیلی وشەیی : مۆرفۆلۆژیای کوردی، مۆرفۆ-سیمانتیک، بەڕێزمانیکردن، تایپۆلۆژیا، پاشگری (ەوە)، دەقی فەرمی.

چوارچێوەی گشتیی لێکۆڵینەوەکە :

١. پێشەکی:

ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشک دەخاتە سەر یەکێک لە مۆرفیمە هەرە فرەئەرکەکانی زمانی کوردی، کە پاشگری (ەوە)یە. لە کاتێکدا لە ڕێزمانە کلاسیکییەکاندا وەک تەنها پاشگرێکی ( دووپاتکەرەوە ) تەماشا کراوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لە ڕوانگەیەکی مۆرفۆ-سیمانتیکیی هاوچەرخەوە بیسەلمێنێت کە ئەم مۆرفیمە خاوەن تایپۆلۆژیایەکی ئاڵۆزە و ڕۆڵێکی ستراتیژی لە گەشەی زمانی فەرمیدا دەبینێت.

_ کەرەستەی لێکۆڵینەوە (Corpus):

لێکۆڵینەوەکە پشتی بە سێ جۆر کەرەستەی دەقی بەستووە بۆ نیشاندانی گەشەی مێژوویی و ئەرکی: دەقی ئەدەبی کلاسیک: دیوانی نالی (١٨٩٠) بۆ نوێنەرایەتی قۆناغی سەرەتایی.

- دەقی گێڕانەوەی مۆدێرن: ڕۆمانی ( ژانی گەلی ) ئیبراهیم ئەحمەد (١٩٧٢) بۆ قۆناغی ناوەڕاست. دەقی یاسایی و فەرمی: یاسای پەروەردەی ٢٠٢٢ بۆ نوێنەرایەتی قۆناغی هاوچەرخ.

_ ڕێبازی لێکۆڵینەوە (Methodology):

توێژینەوەکە ڕێبازی وەسفی-شیکاری (Descriptive-Analytical) پەیڕەو دەکات. هاوکات سوود لە میتۆدی زمانەوانیی بەراوردکاریدەبینێت بۆ نیشاندانی گەشەی مۆرفیمەکە لەنێوان سێ قۆناغە مێژووییەکەدا، بە پشتبەستن بە تیۆرییەکانی ( بەڕێزمانیکردن ) (Grammaticalization).

_ پرسیار و گریمانەی لێکۆڵینەوە:

- ئایا پاشگری (ەوە) تەنها یەک ئەرکی جێگیر دەبینێت یان خاوەن تایپۆلۆژیایەکی فرە-ڕەهەندە؟ _ چۆن زمانی فەرمی ئەم توانستە مۆرفۆلۆژییەی بۆ زاراوەسازی بەکارهێناوە؟ گریمانە: لێکۆڵینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە (ەوە) لە وەسفێکی فیزیکییەوە گۆڕاوە بۆ ئامرازێکی ڕێزمانیی پەتی و لە دەقە فەرمییەکاندا ئەرکی (دووبارەبوونەوە - Iterative) زاڵ بووە بەسەر ئەرکەکانی تردا.

_ گرفتی لێکۆڵینەوە : گرفتی سەرەکی لەوەدایە کە تا ئێستا پاشگری (ەوە) وەک مۆرفیمێکی سادە تەماشا کراوە و جیاوازیی نێوان ئەرکە شوێنی و کاتی و دۆخییەکانی بە وردی دیاری نەکراوە ، بەتایبەت لە کایەی زمانی فەرمیدا کە زۆرجار دەبێتە هۆی لێکتێنەگەیشتن لە واتای زاراوە یاساییەکان.

_ گرنگی و ئامانجی لێکۆڵینەوە:

گرنگی: ئەم توێژینەوەیە یەکەم هەوڵی تایپۆلۆژییە بۆ پۆلێنکردنی ئەرکەکانی (ەوە) بەپێی گۆڕانکارییە سیمانتیکییەکان لە زمانی کوردیدا.

ئامانج: دیاریکردنی جۆرە جیاوازەکانی (ەوە)، سەلماندنی توانای دارێژەریی مۆرفیمەکە، و نیشاندانی ئەوەی چۆن ئەم پاشگرە بووەتە کۆڵەکەی زمانی فەرمیی هاوچەرخ.

_ ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوە: توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت:

- بەشی یەکەم (لایەنی تیۆری): باس لە مۆرفۆلۆژیا، مۆرفۆ-سیمانتیک و چەمکی بەرێزمانیکردن و تۆڕبەندی وشە دەکات. بەشی دووەم (لایەنی پراکتیکی): شیکاریی داتاکانی نالی، ژانی گەل و یاسای پەروەردە دەخاتە ڕوو، و لە کۆتاییدا بە ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی پێ دێت.

بەشی یەکەم: لایەنی تیۆری .

١. مۆرفۆلۆژیای کوردی و پێگەی پاشگرە دارێژراوەکان :

مۆرفۆلۆژیا یان وشەسازی وەک لقێکی سەرەکیی زمانەوانی، بایەخ بە پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان و ئەو یاسایانە دەدات کە پرۆسەی دروستبوونی وشە ڕێکدەخەن. لە زمانی کوردیدا کە زمانێکی لکێنەرە (Agglutinative)، مۆرفۆلۆژیا ڕۆڵێکی بنچینەیی دەبینێت، چونکە زۆربەی واتا ڕێزمانی و فەرهەنگییەکان لە ڕێگەی لکاندنی یەکە جیاوازەکان بە ڕەگی وشەوە بەرهەم دێن (عەبدوڵلا، ٢٠٢١، ل. ٨٩). بۆ تێگەیشتن لە ئەرکی پاشگری (ەوە)، سەرەتا پێویستە لە چەمکی مۆرفیم و دابەشکارییەکانی بکۆڵینەوە.

١,١. پێناسەی مۆرفیم و جۆرەکانی

مۆرفیم بچووکترین یەکەی زمانەوانییە کە خاوەن واتایەکی فەرهەنگی یان ئەرکێکی ڕێزمانی بێت و دابەش نەکرێت بۆ یەکەی بچووکتر ( O'Grady, 2010, p. 115). لە زمانی کوردیدا مۆرفیمەکان لە ڕووی سەربەخۆیی و شێوەی دەرکەوتنیانەوە بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەبن کە بریتین لە مۆرفیمی ئازاد و مۆرفیمی لکاو.

مۆرفیمی ئازاد (Free Morpheme) ئەم جۆرە مۆرفیمانە دەتوانن بە تەنها لە ناو ڕستەدا دەربکەون و خاوەن واتای سەربەخۆ بن. بۆ نموونە وشەکانی وەک (دار، شار، نان) وەک مۆرفیمی ئازاد دادەنرێن چونکە بۆ نیشاندانی واتاکەیان پێویستیان بە هیچ پاشگر یان پێشگرێک نییە. لە مۆرفۆلۆژیای کوردیدا مۆرفیمە ئازادەکان دەبنە بنکە یان ڕەگ بۆ لکاندنی مۆرفیمەکانی تر (شاکەلی، ٢٠١٤، ل. ٥٢). هەروەها مۆرفیمی لکاوەکان (Bound Morpheme) : ئەو یەکانەن کە ناتوانن بە تەنها واتایەکی سەربەخۆ ببەخشن یان لە ناو ڕستەدا جێگەیان ببێتەوە بەڵکو دەبێت بە مۆرفیمێکی ترەوە پەیوەست بکرێن . پاشگری (ەوە) کە جەوهەری ئەم توێژینەوەیەیە، دەچێتە خانەی مۆرفیمە لکاوەکانەوە. مۆرفیمە لکاوەکان خۆیان بۆ دوو لقی سەرەکی دابەش دەبن ،یەکەم مۆرفیمە ڕێزمانییەکان ، کە ئەرکیان نیشاندانی پەیوەندییە ڕێزمانییەکانە وەک (ژمارە، کەس، کات). ئەمانە گۆڕان لە خانەی ڕێزمانیی وشەکەدا دروست ناکەن و واتایەکی فەرهەنگیی نوێ بەرهەم ناهێنن. بۆ نموونە نیشانەی کۆی (ان) لە وشەی (داران)دا تەنها ژمارەی گۆڕیوە بەڵام هەر بە ناو ماوەتەوە (نەبەز، ١٩٧٦، ل. ١٠٤).

بەڵام مۆرفیمە دارێژەرەکان ( Derivational Morphemes): ئەرکی سەرەکییان دارشتنی وشەی نوێیە. ئەم مۆرفیمانە کاتێک دەلکێن بە ڕەگێکی دیاریکراوەوە، وشەیەکی نوێمان بۆ دروست دەکەن کە لە فەرهەنگدا جێگەی دەبێتەوە . لێرەوە دەتوانین بڵێین پاشگری (ەوە) مۆرفیمێکی دارێژەرە، چونکە کاتێک دەلکێت بە کرداری (خوێندن)ەوە، دەیکات بە (خوێندنەوە) کە لە ڕووی سیمانتیکییەوە واتا گۆڕاوە بۆ جۆرێکی تری چالاکی (فەتاح، ٢٠١١، ل. ٧٦).

بە پشت بەستن بەم دابەشکارییە، دەردەکەوێت کە (ەوە) وەک مۆرفیمێکی لکاو و دارێژەر، خاوەن توانایەکی زۆرە لە گۆڕینی بارستەی واتایی وشەکاندا. ئەمەش وای کردووە کە لە دەقە فەرمییەکاندا کە پێویستیان بە وردکاریی واتایی هەیە، بە شێوەیەکی فراوان بەکاربهێنرێت.

١,٢. (ەوە) وەک مۆرفیمێکی دارێژەری کردار (Derivational Verbal Morpheme) :

لە مۆرفۆلۆژیای زمانی کوردیدا جیاوازییەکی ڕوون هەیە لە نێوان ئەو پاشگرانەی کە تەنها گۆڕانی ڕێزمانی

دروست دەکەن و ئەو پاشگرانەی کە ناسنامەی وشەکە دەگۆڕن. پاشگری (ەوە) بەهۆی ئەوەی ڕاستەوخۆ دەلکێت بە ڕەگی کردارەوە و واتا فەرهەنگییەکەی بەرەو ئاراستەیەکی جیاواز دەبات، وەک مۆرفیمێکی داڕێژەر دەناسرێت . ئەم پاشگرە بەستەرێکی مۆرفۆلۆژیی (Morphological Link) ئەوەندە بەهێز لەگەڵ ڕەگدا دروست دەکات ،کە یەکەیەکی فەرهەنگیی نوێ (Lexeme) بەرهەم دەهێنێت (محەمەد، ٢٠١٨، ل. ٧٢).

لە ڕووی سەلماندنیشەوە دەشێت بەراوردکارییەک لە نێوان کرداری سادە و ئەو کردارانەدا بکەین کە بە (ەوە) داڕێژراون .

١,٢,١. گۆڕانکاری لە ئاستی سیمانتیکدا :

کاتێک دەڵێین (خوێندن) مەبەستمان لە چالاکییەکە بە شێوەیەکی گشتی ، بەڵام کاتێک مۆرفیمی (ەوە) دەلکێت بە ڕەگی ئەم کردارەوە و دەبێتە (خوێندنەوە) تەنها ( دووبارەبوونەوە ) ڕوونادات بەڵکو چالاکییەکە دەبێتە پرۆسەیەکی تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەق . لێرەدا (خوێندنەوە) وەک یەکەیەکی فەرهەنگیی سەربەخۆ لە ناو فەرهەنگی کوردیدا جێگیر بووە و خاوەن مانیفێستێکی سیمانتیکیی تایبەتە کە جیاوازە لە کرداری دایک (مەعروف، ٢٠٠٩، ل. ١٤٤).

١,٢,٢. دروستکردنی لێکسیمی نوێ ( New Lexeme Generation) :

لە زانستی مۆرفۆلۆژیادا لێکسیم بریتییە لە یەکەی بنەڕەتیی فەرهەنگی کە هەموو فۆرمە ڕێزمانییەکانی لێ دەبێتەوە . سەلمێنەری ئەوەی (ەوە) مۆرفیمێکی داڕێژەرە ئەوەیە کە ئەو وشەیەی دروستی دەکات ، جارێکیتر خۆی دەبێتەوە بە بنکەیەکی نوێ بۆ وەرگرتنی پاشگرە جێگیرکەرەکانی وەک (کەس، کات، ژمارە). بۆ نموونە:

بنکەی: ( خوێند )

- لێکسیمی نوێ بە (ەوە): ( خوێندنەوە )

- وەرگرتنی نیشانەی کات و کەس: ( خوێند-م-ەوە ) ، ( دە-خوێن-م-ەوە )

ئەم پرۆسەیە ئەوە دەسەلمێنێت کە (ەوە) تەنها نیشانەیەکی ڕێزمانیی دەرەکی نییە کە لە کۆتایی ڕستەدا دابنرێت . بەڵکو مۆرفیمێکی ( ناوەکی)یە کە لە جەستەی وشەکەدا تواوەتەوە و وشەیەکی نوێی خوڵقاندووە (فەتاح، ٢٠١١، ل. ٨١).

**١,٣. پەیوەندیی مۆرفۆلۆژی لە نێوان ڕەگ و پاشگری (ەوە) :**

بەستەری مۆرفۆلۆژی لێرەدا بە جۆرێکە کە ناتوانرێت (ەوە) وەک ئامرازێکی سەربەخۆ تەماشا بکرێت. ئەم پاشگرە لەگەڵ ڕەگی کرداردا یەکەیەکی مۆرفۆلۆژیی ( تێهەڵکێش ) دروست دەکات . لە دەقە فەرمییەکاندا ئەم تێهەڵکێشانە دەبێتە هۆی دروستبوونی زاراوەی ورد. بۆ نموونە وشەی (پێداچوونەوە) کە لە یاساکاندا زۆر بەکاردێت لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە لە : ( ئامرازی پێدا + چوون + مۆرفیمی ەوە) پێکهاتووە. لێرەدا (ەوە) ئەرکی ئەوەیە کە هەموو پێکهاتەکان یەکبخات و واتای ( پشکنینی دووبارە بۆ مەبەستی چاکسازی ) بەرهەم بهێنێت (عەبدوڵڵا، ٢٠٢١، ل. ١٢٠)

**١,٤. مۆرفۆ-فۆنۆلۆژیای پاشگری (ەوە) (Morpho-phonology) :**

یەکێک لە بەهێزترین بەڵگە مۆرفۆلۆژییەکان بۆ سەلماندنی ئەوەی مۆرفیمێک بەشێکی دانەبڕاوە لە جەستەی وشە و ئەرکی داڕشتن دەبینێت، بریتییە لەو گۆڕانکارییە فۆنۆلۆژییانەی کە لەکاتی پرۆسەی لکاندندا (Affixation) لەنێوان مۆرفیمەکاندا ڕوودەدەن . پاشگری (ەوە) لە زمانی کوردیدا تەنها یەکەیەکی دەنگیی زیادکراو نییە کە بەبێ کارلێک لە کۆتایی وشەدا دابنرێت ، بەڵکو دەبێتە هۆی گۆڕانی پێکهاتەی دەنگیی ڕەگی کردارەکە. ئەم کارلێکە لە زمانەوانیدا بە گۆڕانکاری ( مۆرفۆ-فۆنۆنێمیک - Morphophonemic changes) ناو دەبرێت (محەمەد، ٢٠١٨، ل. ٨٤). لە زمانی کوردیدا، کاتێک پاشگری (ەوە) دەلکێت بە قەدی کرداری ڕابردووی سادەوە کە بە بزوێنی (ە) کۆتایی دێت ، ئەم بزوێنە گۆڕانی بەسەردا دێت بۆ ئەوەی ڕێگەی لکاندنەکە ڕەوانتر بکات ، بۆ نموونە:

- قەدی ڕابردوو : کێشا + ەوە. ← کێشایەوە

- ڕەگی ڕابردوو : نووسرا + ەوە ← نووسرایەوە

لێرەدا دەرکەوتنی دەنگی (ی) وەک نێوەندگیر یان گۆڕانی بزوێنەکان نیشانەی ئەوەیە کە پاشگری (ەوە) چووەتە ناو قووڵایی مۆرفۆلۆژیی وشەکەوە . ئەم گۆڕانکارییانە لە مۆرفیمە ڕێزمانییەکاندا ، وەک : ( نیشانەی کۆ یان جێناوە لکاوەکان) بەم شێوەیە ڕوونادەن ئەمەش جیاوازییەکی گرنگە کە (ەوە) وەک مۆرفیمێکی داڕێژەر (Derivational) خۆی دەسەلمێنێت نەک وەک جێگیرکەر (Inflectional) (فەتاح، ٢٠١١، ل. ٩٢).

**١,٥. جیاوازی نێوان مۆرفیمی (ەوە) و مۆرفیمی (ووە) :**

بۆ لادانی هەر گومانێک لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیدا ، پێویستە جیاوازی ورد لە نێوان پاشگری (ەوە) و نیشانەی ڕابردووی تەواو (ووە/وە) بکرێت. ئەم دوو مۆرفیمە لە ڕووی شێوەوە لە یەک دەچن بەتایبەت لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا ، بەڵام لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە دوو ئەرکی دژ بەیەک دەبینن:

١. مۆرفیمی (ووە/وە): مۆرفیمێکی جێگیرکەرە (Inflectional) و تەنها کاتی کردارەکە دەگۆڕێت بۆ ڕابردووی تەواو، بێ ئەوەی دەستکاری واتای فەرهەنگیی کردارەکە بکات.

٢. مۆرفیمی (ەوە): مۆرفیمێکی دارێژەرە (Derivational) و لێکسیمێکی نوێ دروست دەکات.

لە دەقە فەرمییەکاندا ئەم جیاوازییە دەبێتە بنەمای تێگەیشتن لە بڕیارە یاساییەکان. بۆ نموونە لە یاسای پەروەردەدا جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان (پەسەند کراوە) کە باس لە کات دەکات، لەگەڵ (پەسەند کردنەوە) کە باس لە پڕۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی نوێ دەکات بۆ دووبارە متمانەدان بە پڕۆگرامەکان (عەبدوڵڵا، ٢٠٢١، ل. ١٤٥). بەمجۆرە دەگەینە ئەوەی بڵێین پاشگری (ەوە) لە زمانی کوردیدا مۆرفیمێکی لکاوی دارێژەرە. ئەم مۆرفیمە خاوەن بەستەرێکی مۆرفۆلۆژیی بەهێزە لەگەڵ ڕەگ و قەدی کرداردا . چونکە دەبێتە هۆی دروستبوونی لێکسیمی نوێ، و کارلێکی فۆنۆلۆژی لەگەڵ بنکەی وشەکەدا دروست دەکات. ئەم تایبەتمەندییانە وایان کردووە کە ببێتە مۆرفیمێکی فرەئەرک لە ئاستی سیمانتیکدا، کە لە خاڵەکانی داهاتووی ئەم بەشەدا بە وردی تیشکی دەخەینە سەر.

**١. مۆرفۆ-سیمانتیک و فرەئەرکیی مۆرفیمی (ەوە) :**

لە زمانەوانیدا (مۆرفۆ-سیمانتیک Morpho-semantics) لێکۆڵینەوەیە لەو گۆڕانکارییە واتاییانەی کە بەهۆی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانەوە لە وشەدا ڕوودەدەن. پاشگری (ەوە) لە زمانی کوردیدا نموونەیەکی دەوڵەمەندی مۆرفیمێکی فرەئەرکە (Multifunctional Morpheme). ئەم مۆرفیمە تەنها وەک نیشانەیەکی وەسفی کار ناکات بەڵکو بەپێی ئەو ڕەگی کردارەی پێوەی دەلکێت واتایەکی جیاواز بەرهەم دەهێنێت. ئەم فرەئەرکییە لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکاندا بە یەکێک لە ئاڵۆزترین و لە هەمان کاتدا دەوڵەمەندترین بابەتەکانی وشەسازیی کوردی دادەنرێت (عەبدوڵڵا، ٢٠٢١، ل. ١٣٢).

**٢,١. ئەرکی ئاراستەیی (Directional Function):**

ئەم ئەرکە وەک ڕەهەندە فیزیکی و سەرەتاییەکەی مۆرفیمی (ەوە) تەماشا دەکرێت. لێرەدا پاشگرەکە ئاراستەی کردارەکە لە ناوەوە بۆ دەرەوە یان گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەتا دیاری دەکات. لە ڕووی (مۆرفۆ-سیمانتیکییەوە ) ئەم ئەرکە زیاتر لەگەڵ ئەو کردارانەدا دەردەکەوێت کە تێیدا جوڵە (Movement) ڕەگەزێکی سەرەکییە. بۆ نموونە کرداری (هاتنەوە) یان (گەڕانەوە) گوزارشت لە جوڵەیەکی پێچەوانە دەکەن بۆ شوێنی بنەڕەتی. لە دەقە کلاسیکییەکاندا وەک لە ( دیوانی نالی )دا دەردەکەوێت مۆرفیمی (ەوە) زۆرترین جار بۆ ئەم ئەرکە فیزیکییە بەکارهاتووە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەی زماندا مۆرفیمەکان زیاتر خاوەن واتایەکی کۆنکرێتی و بەرجەستەن (نەبەز، ١٩٧٦، ل. ١١٥). لە دەقە فەرمییەکانیشدا ئەم ئەرکە پارێزگاری لە خۆی کردووە بەتایبەت لەو یاسایانەی باس لە گەڕاندنەوەی ماف یان زەوی و زار دەکەن.

**٢,٢. ئەرکی دووبارەبوونەوە (Iterative Function) :**

ئەم ئەرکە جەوهەری گۆڕانکارییە مۆرفۆلۆژییەکانە لە زمانی کوردیدا. لێرەدا مۆرفیمی (ەوە) لە وەسفی شوێنەوە (Space) دەگۆڕێت بۆ وەسفی کات (Time). واتای (دووبارەبوونەوە) لێرەدا بەو مانایەیە کە کردارەکە پێشتر ئەنجامدراوە و ئێستا بۆ جارێکی تر بە مەبەستێکی جیاواز ئەنجام دەدرێتەوە. ئەمە وەک پرۆسەیەکی داهێنەرانە لە زمانی کوردیدا دەبینرێت کە ڕێگە بە ئاخێوەر دەدات بەبێ بەکارهێنانی هاوەڵکاری وەک (دووبارە یان دیسان)، تەنها لە ڕێگەی گۆڕانکاری مۆرفۆلۆژییەوە ئەم واتایە بگەیەنێت (فەتاح، ٢٠١١، ل. ٩٨). لە دەقە فەرمییەکاندا ئەم ئەرکە دەبێتە ئامرازی سەرەکیی گوزارشتکردن . بۆ نموونە لە یاسای پەروەردەدا وشەی (خوێندنەوە) تەنها بە واتای دەربڕینی دەنگەکان نایەت ، بەڵکو بە واتای پرۆسەیەکی دووبارەی لێکدانەوەی زانستی دێت . هەروەها کرداری (نوێکردنەوە) نیشانەی ئەوەیە کە شتەکە پێشتر هەبووە و ئێستا دووبارە متمانەی پێ دەدرێتەوە. ئەم گۆڕانە لە سیمانتیکی مۆرفیمەکەدا پێی دەگوترێت فراوانبوونی واتایی (Semantic Extension) ، کە تێیدا مۆرفیمەکە لە ئەرکە سادەکەی خۆی دەردەچێت و دەبێتە هەڵگری واتایەکی ئاڵۆزتر ( Heine and Kuteva, 2002, p. ٤٢).

**٢،٣. ئەرکی پێچەوانەکردنەوە ( Reversive Function) :**

یەکێکی تر لە ئەرکە گرنگەکانی (ەوە) گۆڕینی واتای کردارەکەیە بۆ دژەکەی یان پێچەوانەکردنەوەی ئەنجامی کردارەکە. ئەمەش لە مۆرفۆلۆژیای بەراوردکاریدا بە (Reversive) ناو دەبرێت. نموونەی هەرە دیاری ئەم ئەرکە لە کرداری (کردنەوە)دا دەردەکەوێت. کاتێک دەڵێین (دەرگاکەی کردەوە) لێرەدا (ەوە) واتایەک دروست دەکات کە دژە بە کرداری (بەستن یان داخستن). ئەم ئەرکە لە دەقە یاسایی و فەرمییەکاندا بایەخێکی زۆری هەیە ، چونکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکان یان کردنی گرێبەستەکان بەکاردێت. لە ڕووی ( مۆرفۆ-سیمانتیکییەوە ) ئەم ئەرکە نیشانەی ئەوەیە کە مۆرفیمی (ەوە) دەتوانێت دەستکاری (تەوەرەی کردار) بکات و ئاراستەی ئەنجامەکە بە ( ١٨٠ ) پلە بگۆڕێت (محەمەد، ٢٠١٨، ل. ٩٥).

**٢،٤. ئەرکی دۆخی (Inchoative Function) :**

ئەم ئەرکە ( مۆرفۆ _-سیمانتیکییە ) کاتێک دەردەکەوێت کە مۆرفیمی (ەوە) دەلکێت بە ڕەگی ئەو کردارانەی گوزارشت لە گۆڕانی بارودۆخی شتەکان دەکەن. لێرەدا مەبەست لە (دەستپێکردن بە دۆخێکی نوێ) یان (ژیانەوەی دۆخێکی کۆن)ە. لە مۆرفۆلۆژیای کوردیدا ئەم ئەرکە دەبێتە هۆی ئەوەی کردارەکە مانا لە وەسفی جێگیرەوە بگۆڕێت بۆ وەسفی داینامیکی (عەبدوڵڵا، ٢٠٢١، ل. ١٣٨). بۆ نموونە وشەکانی وەک (ژیانەوە، گەشانەوە، ساردبوونەوە) کە لە دەقە گێڕانەوەییەکانی وەک ڕۆمانی ( ژانی گەل )دا بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەردەکەون نیشانەی گۆڕانی سایکۆلۆژی و فیزیکیی کارەکتەرەکانن. لە دەقە فەرمییەکانیشدا ئەم ئەرکە بۆ نوێکردنەوەی بڕیارەکان یان گۆڕینی بارودۆخی یاسایی بەکاردێت . لە ڕووی سیمانتیکییەوە مۆرفیمی (ەوە) لێرەدا وەک هاندەرێک کار دەکات بۆ نیشاندانی قۆناغی گواستنەوە (Transition Phase) لەنێوان دوو دۆخی جیاوازدا (شاکەلی، ٢٠١٤، ل. ٦٧).

**٢-٤-١ ئەرکی تەواوکاری (Completive Function) :**

ئەم ئەرکە زیاتر لەو کردارانەدا دەردەکەوێت کە تێیدا مۆرفیمی (ەوە) ئاماژە بەوە دەکات کە کردارەکە بە شێوەیەکی گشتی و کۆتایی ئەنجامدراوە. لێرەدا (ەوە) واتایەک بە کردارەکە دەبەخشێت کە نیشانەی چەسپاندن و جێگیربوونە. بۆ نموونە وشەی (حەواندنەوە) یان (بڕانەوە) گوزارشت لە کۆتاییهاتنی پرۆسەیەک دەکەن. لە یاسا و دەقە فەرمییەکاندا ئەم ئەرکە بۆ جێگیرکردنی مافەکان یان کۆتاییهێنان بە پابەندییەکان بەکاردێت. مۆرفۆ-سیمانتیکی ئەم ئەرکە دەیسەلمێنێت کە پاشگری (ەوە) توانای هەیە ڕەهەندی کردارەکە ( Aspect) بەو جۆرە بگۆڕێت کە نیشانەی تەواوبوون بێت (Perfective Aspect) بۆ ئەوەی کاتی ڕێزمانیی کردارەکە بگۆڕێت (محەمەد، ٢٠١٨، ل. ١٠٢).

**٢-٥ چەمکی گۆڕانی ڕێزمانی (Grammaticalization) :**

بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی مۆرفیمی (ەوە) لە دەقە فەرمییەکاندا پانتاییەکی گەورەی گرتووە، دەبێت پەنا بۆ چەمکی (Grammaticalization) ببەین. ئەم چەمکە باس لەوە دەکات کە چۆن یەکە زمانییەکان لە واتای فەرهەنگی و کۆنکرێتییەوە (وەک ئاراستەی شوێن) دەگۆڕێن بۆ واتای ڕێزمانی ( وەک دووبارەبوونەوە و تەواوکاری) ( Heine and Kuteva, 2002, p. ٤٥ ). پاشگری (ەوە) لە زمانی کوردیدا ئەم پرۆسەیەی بە تەواوی بڕیوە. لە قۆناغی سەرەتاییدا وەک لە ( دیوانی نالی )دا تەنها بۆ وەسفی فیزیکی بەکارهاتووە ، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و پێویستیی زمان بۆ دروستکردنی زاراوەی فەرمی ئەم مۆرفیمە بووەتە ئامرازێکی ڕێزمانیی پەتی. ئەم گۆڕانە وای کردووە کە (ەوە) لە ئاستی وشەسازییەوە ( Word Formation) سەربکەوێت بۆ ئاستی ڕێکخستنی واتای دەق (Textual Function). ئەمەش ڕێک ئەو هۆکارەیە کە وای کردووە لە یاسایەکی وەک یاسای پەروەردەی ( ٢٠٢٢ )دا ، (ەوە) ببێتە مۆرفیمی یەکەم بۆ داڕشتنی کرداری یاسایی (فەتاح، ٢٠١١، ل. ١٠٥).

**٢-٦ .چەمک و پێناسەی تایپۆلۆژی و بەڕێزمانیکردن :**

**-_ تایپۆلۆژیی زمان و مۆرفۆلۆژیای زمانی کوردی :**

تایپۆلۆژیی زمان (Linguistic Typology) وەک لقێکی سەرەکیی زمانەوانی بایەخ بە پۆلێنکردنی زمانەکان دەدات بەپێی تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکانیان ، بێ ئەوەی لایەنی مێژوویی و نەژادی ڕەچاو بکات. گشتگیرترین پێناسە بۆ ئەم چەمکە بریتییە لە ( ( پۆلێنکردنی جۆرەکانی پێکهاتە لە نێوان زمانەکاندا لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە هاوبەشەکان )) ( ڕەسووڵ، ٢٠٢٢: ٢٠). لەم چوارچێوەیەدا

مۆرفۆلۆژیای زمانی کوردی پێگەیەکی تایبەتی هەیە بەپێی پۆلێنکردنی پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٧) زمانی کوردی زمانێکی ( نووساو ) یان ( پێوەلکاوە ) (Agglutinative) کە تێیدا مۆرفیمەکان وەک یەکەی واتاداری سەربەخۆ بە دوای یەکدا دەلکێن و قالبی مۆرفیمەکان بە ئاسانی لێک جیا دەکرێنەوە. پاشگری (ەوە) وەک نموونەیەکی باڵای ئەم سیستەمە مۆرفۆلۆژییە تەماشا دەکرێت. ئەم پاشگرە مۆرفیمێکی (وشەدارێژە) (Derivational) و خاوەنی تایبەتمەندیی ( فەرمۆرفیمدارییە - Polysynthetic) ، کە مەبەست لێی ئەو بارودۆخە مۆرفۆلۆژییە ئاڵۆزەیە کە تێیدا چەندین مۆرفیمی جیاواز ،وەک (sad) بکەر، بەرکار، کات و ئاراستە) لە ناو یەک قالبی وشەدا کۆدەبنەوە. ئەم تایبەتمەندییە وا دەکات زمانی کوردی بتوانێت ڕستەیەکی تەواو لە قالبی تاکە وشەیەکی ئاڵۆزدا کۆبکاتەوە ، وەک لە نموونەی (دا-بڕ-ین-ەوە)دا دەردەکەوێت (ئەمین، ٢٠١١: ١٥). لێرەدا ، ( ەوە) وەک مۆرفیمێکی وشەدارێژ تەنها واتا ناگۆڕێت، بەڵکو دەبێتە هاندەرێک ( کاتالیستێک )بۆ بونیادنانی ئەو زنجیرە مۆرفیمییە درێژانەی کە ناسنامەی ڕێزمانیی دەقە فەرمییەکان دیاری دەکەن . تایپۆلۆژی تەنها ئامرازێک نییە بۆ پۆلێنکردن بەڵکو میتۆدێکە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن مۆرفیمی (ەوە) لە ناو یەک فۆرمی دەنگیدا، چەندین ئەرکی جیاوازی وەک (ئاراستەیی، دووبارەبوونەوە، و گۆڕانی دۆخ) لە ئەستۆ دەگرێت ،کە ئەمەش کرۆکی ( فرەئەرکی ) مۆرفیمەکە پێکدەهێنێت.

**- _ بەڕێزمانیکردن (Grammaticalization) و گەشەی ئەرکیی مۆرفیمەکان :**

بەڕێزمانیکردن پرۆسەیەکی زمانەوانیی ئاڵۆزە کە تێیدا یەکەیەکی فەرهەنگی یان وشەیەکی سەربەخۆ واتا بنەڕەتییەکەی (Lexical meaning) لەدەست دەدات و دەگۆڕێت بۆ ئامرازێکی ڕێزمانیی پەتی (Grammatical item). ئەم چەمکە وەک (بەڕێزمانیکردن (Grammaticalization) بریتییە لە گۆڕانی ستاتۆسی (Status) کە نیشانەیەکی زمانەوانییە، واتە ( گۆڕانی پێگە و ناسنامە )ی یەکەیەکی زمانی لە بارێکی سەربەخۆوە بۆ بارێکی لکاو . ئەم پرۆسەیە لە ئاستی ئۆتۆسیمانتیکەوە (Autosemantic) دەست پێ دەکات، کە مەبەست لێی ئەو وشە ( سەربەخۆ و واتا-تەواوانەیە ) ، کە بە تەنیا واتایەکی فەرهەنگیی سەربەخۆ دەبەخشن (وەک ناو و کردار) و بەرەو ئاستی مۆرفیم یان ئامرازی ڕێزمانی هەنگاو دەنێت ، کە تێیدا وشەکە واتا فەرهەنگییەکەی لەدەست دەدات و تەنها ئەرکێکی ڕێزمانی (وەک نیشاندانی ئاراستە یان کات) وەردەگرێت و پێناسە دەکرێت ( Kleszczowa & Pastuchowa, 2009: 65). یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی ئەم پرۆسەیە، لایەنی ( تاک-ئاراستەیی - Unidirectionality)یە ، واتە مۆرفیمەکە لە وەسفێکی کۆنکرێتی و فیزیکییەوە بەرەو وەسفێکی ڕێزمانی و دابڕاو (Abstract) هەنگاو دەنێت (Fischer, 2000).

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان بەڕێزمانیکردن و دەربڕینخوازی (Expressiveness)دا هەیە ،کە مەبەست لێی بەکارهێنانی توانستە مۆرفۆلۆژییەکانە بۆ دەوڵەمەندکردنی واتای دەق و گەیاندنی مەبەستی ئاخێوەر بە وردترین شێوە. بەم پێیە مۆرفیمی (ەوە) تەنها نیشانەیەکی ڕێزمانی نییە، بەڵکو کەرەستەیەکی ( دەربڕینخوازی )یە کە لە دەقە فەرمییەکاندا ڕەهەندێکی نوێ بە زاراوەسازی و دارشتن دەبەخشێت بە پێچەوانەی ( دیدگا ) کلاسیکییەکان کە ئەم پرۆسەیە تەنها بە ( داخورانی واتا ) دەبینن ( Milică, 2010: 302) جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەڕێزمانیکردن و گەشەکردنی دەربڕینخوازی دوو لایەنی تەواوکەری یەکترن کە پەیوەندییەکان دەوڵەمەندتر دەکەن. بۆ نموونە گۆڕانی مۆرفیمی (ەوە) لە ئەرکێکی ( ئاراستەیی - Reversive) بۆ ئەرکێکی ( دووبارەبوونەوە - Iterative) نەک هەر بەڕێزمانیکردنە ، بەڵکو جۆرێکە لە ( داهێنانی مۆرفۆلۆژی ) کە تیایدا مۆرفیمەکە ناسنامەیەکی ڕێزمانیی نوێ وەردەگرێت بۆ گوزارشتکردن لە چەمکە کاتی و کارگێڕییەکان. ئەم گۆڕانە لە دەقە فەرمییە هاوچەرخەکاندا دەگاتە لووتکە ، کە تێیدا مۆرفیمەکە لە مۆرفیمێکی ( ئازاد )ەوە دەبێتە ( ئامرازێکی زاراوەسازیی جێگیر ) و ناسنامەی وشەکە لە ئاستی سیمانتیک و سینتاکسدا دیاری دەکات.

**٢. پیواژۆی بەڕێزمانیکردن و گۆڕانی ئەرکی مۆرفیمی (ەوە) :**

بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی گۆڕانی مۆرفیمی (ەوە) لە یەکەیەکی فەرهەنگییەوە بۆ یەکەیەکی ڕێزمانیی پەتی ، پێویستە پەنا بۆ تیۆرییەکانی درکپێکردن ( Cognitive Linguistics) ببرێت. بەپێی لێکۆڵینەوە نوێیەکان بەڕێزمانیکردن (Grammaticalization) بریتییە لەو پیواژۆییەی کە تێیدا یەکە فەرهەنگییەکان بۆ خزمەتی

ئەرکە ڕێزمانییەکان بەکاردێن ،بە جۆرێک کە مۆرفیمەکە لە پۆلێکی کراوەوە بەرەو پۆلێکی داخراو گەشە دەکات (عەبدوڵلا، ٢٠٢٢، ل. ٣٢).

ئەم چەمکە ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن یەکە زمانییەکان لە واتای فەرهەنگی و کۆنکرێتییەوە، وەک ئاراستەی شوێن دەگۆڕێن بۆ واتای ڕێزمانی و پەتی وەک دووبارەبوونەوە و تەواوکاری ( Heine and Kuteva, 2002, p. 45). پاشگری (ـەوە) لە زمانی کوردیدا ئەم پرۆسەیەی بە تەواوی بڕیوە. لە قۆناغی سەرەتاییدا وەک لە ( دیوانی نالی )دا دەردەکەوێت تەنها بۆ وەسفی فیزیکی بەکارهاتووە . بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و پێویستیی زمان بۆ دروستکردنی زاراوەی فەرمی ئەم مۆرفیمە بووەتە ئامرازێکی ڕێزمانیی پەتی . ئەم گۆڕانە وای کردووە کە (ـەوە) لە ئاستی وشەسازییەوە سەربکەوێت بۆ ئاستی ڕێکخستنی واتای دەق ئەمەش ڕێک ئەو هۆکارەیە کە لە ( یاسای پەروەردەی ٢٠٢٢ )دا ( ـەوە) بووەتە مۆرفیمی یەکەم بۆ داڕشتنی کرداری یاسایی (فەتاح، ٢٠١١، ل. ١٠٥).

هەر لەم بوارەدا ( گۆنا عمر ) ( ٢٠٢٢، ل. ٣٢) ئاماژە بەوە دەدات کە بەڕێزمانیکردن پیواژۆی گۆڕانێکی زمانییە کە تێیدا توخمە پۆڵ داخراوەکان وەک پاشگرەکان پلە بە پلە لە توخمە پۆڵ کراوەکان یان وشە فەرهەنگییەکانەوە گەشە دەکەن. ئەم گۆڕانکارییە لێرەدا تاک-ئاڕاستەیە (Unidirectional) واتە مۆرفیمەکە لە واتایەکی فەرهەنگیی جێگیرەوە بەرەو ئەرکێکی ڕێزمانیی گشتگیر هەنگاو دەنێت. ئەگەر سەیری پاشگری (ـەوە) بکەین لە ڕوانگەی مێژووییەوە ئەم یەکەیە لە بنەڕەتدا بۆ وەسفی جوڵەی شوێنی لە فەرهەنگدا هەبووە ، بەڵام لە ڕێگەی بەڕێزمانیکردنەوە ئەرکی ڕێزمانیی زیاتری وەرگرتووە و بووەتە هەڵگری واتای دووبارەبوونەوە و تەواوکاری (عەبدوڵلا، ٢٠٢٢، ل. ٣٣).

**٢,٧,١. یەکگرتنی ( مۆرفۆ-سیمانتیکی ) و دروستبوونی لێکسیمی نوێ :**

بەپێی تیۆرییەکانی (Traugott and Trousdale) بەڕێزمانیکردن پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لە نێوان فەرهەنگ و بونیادە ڕێزمانییەکاندا هەیە. لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی (ـەوە) کاتێک لەگەڵ ڕەگی کردارەکاندا یەکدەگرێت پیواژۆیەکی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی بەسەردا دێت کە دەبێتە هۆی دروستبوونی وشەی نوێ . لە دەقە فەرمییەکاندا ئەم پیواژۆیە بە شێوەیەکی چڕوپڕ دەردەکەوێت ، بۆ نموونە زاراوەی (پێداچوونەوە) تەنها لکاندنی چەند مۆرفیمێک نییە بەڵکو ئەنجامی پرۆسەیەکی بەڕێزمانیکردنە کە تێیدا مۆرفیمی (ـەوە) ئەرکێکی ڕێزمانیی نوێی وەرگرتووە بۆ گوزارشتکردن لە وردبینی و چاکسازی (عەبدوڵلا، ٢٠٢٢، ل. ٣٤).

**٢,٨. مۆدێلی ڕێزمانی وشە (Word Grammar) و پاشگری (ـەوە) :**

لە ناو چوارچێوەی زمانەوانیی درکپێکردندا مۆدێلێکی تر کە بایەخێکی زۆر بە پێکهاتەی وشە دەدات مۆدێلی ( ڕێزمانی وشە )یە ، کە لە لایەن (ڕیچارد هێدسەن)ەوە پەرەی پێدراوە. ئەم تیۆرییە لەسەر ئەو بنەمایە کار دەکات کە زانیارییە زمانەوانییەکان لە ناو مێشکدا بە شێوەی تۆڕبەندی (Network) ڕێکخراون. بەپێی ئەم ڕوانگەیە پاشگری (ـەوە) تەنها توخمێکی لکێنراو نییە بەڵکو گۆڕانکارێکی مۆرفۆلۆژییە کە بەستەری جیاواز لەگەڵ پۆلە جیاوازەکانی کرداردا دروست دەکات (عەبدوڵلا، ٢٠٢٢، ل. ٣٤).

ئەم تۆڕبەندییە ڕێزمانییە ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوە دەدات کە چۆن پاشگرێک دەتوانێت لە یەک کاتدا چەندین ئەرکی جیاواز لە ئەستۆ بگرێت. بۆ نموونە مۆرفیمی (ـەوە) کاتێک دەچێتە ناو تۆڕی ( کردارە جوڵەییەکان ) ئەرکی ئاراستەیی وەردەگرێت ، بەڵام کاتێک دەچێتە ناو تۆڕی ( کردارە واتاییەکان ) لە دەقە فەرمییەکاندا ئەرکی دووبارەبوونەوە و پێداچوونەوە وەردەگرێت. ئەم گۆڕانکارییانە لە ناو بونیادی تۆڕبەندییەکەدا بە شێوەی پلەبەپلە ڕێکخراون، کە ڕێگە دەدات یەک مۆرفیم چەندین واتای جیاواز لە ژینگەی جیاوازدا بەرهەم بهێنێت . پێداگریی ئەم تیۆرییە لەسەر ئەوەی کە هەموو بونیادەکان (فۆنۆلۆژی ، مۆرفۆسینتاکس ، و ئەرکییەکان) بۆ بەڕێزمانیکردن بە یەکدا چوون، پشتگیری لەو بیرۆکەیە دەکات کە پاشگری (ـەوە) لە زمانی کوردیدا گەیشتووەتە ئاستێک کە چیتر تەنها وەک کەرەستەیەکی فەرهەنگی نابینرێت ، بەڵکو وەک بەشێکی سەرەکی لە ( تۆڕی ڕێزمانیی زمانی فەرمی ) جێگیر بووە. ئەمەش وای کردووە کە یاسادانەر و نووسەری دەقە فەرمییەکان ، بەبێ دوودڵی ئەم مۆرفیمە بۆ داڕشتنی زاراوە ئاڵۆزەکان بەکاربهێنن ، چونکە تۆڕبەندییە ڕێزمانییەکە لە مێشکی وەرگردا (خوێنەر) ئامادەیە بۆ وەرگرتنی ئەو واتایە نوێیانە (Traugott and Trousdale, 2013, p. 96).

**١. مۆرفۆ سینتاکس و داینامیکیی ئەرکەکانی (ەوە) لە بونیادی ڕستەدا :**

لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکاندا ( مۆرفۆ سینتاکس ) وەک ئەو کایە جەوهەرییە تەماشا دەکرێت کە تێیدا یاساکانی وشەسازی و ڕستەسازی کارلێکی ڕاستەوخۆ دەکەن. پاشگری (ەوە) لە زمانی کوردیدا وەک ( کاتالیستێکی مۆرفۆ سینتاکسی ) کار دەکات. مەبەست لە ( کاتالیست ) لێرەدا ئەوەیە کە لکانی ئەم مۆرفیمە بە وشەیەکەوە دەبێتە ( هاندەر و خێراکەر ) بۆ گۆڕینی تەواوی پێکهاتەی ڕستەکە بێ ئەوەی فۆرمی بنەڕەتیی وشەکە لەناو بچێت. واتە (ەوە) وەک هێزێکی بزوێنەر کار دەکات کە پلەی گواستنەوەی کردار لەناو ڕستەدا دەگۆڕێت و پێویستیی کردارەکە بە تەواوکەری نوێ دروست دەکات (فەتاح، ٢٠١١: ١١٠). ئەم مۆرفیمە دەتوانێت جۆری کارلێکی نێوان بکەر و بەرکار بگۆڕێت و ئاراستەی ڕووداوەکان لە ڕووی ڕێزمانییەوە دیاری بکات . سەبارەت بە لایەنی ئاوەزیی ئەم کارلێکە، ئاماژە بەوە دراوە کە (( زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکان لە تێکەردەی وشەیی زمانەکەمانەوە وەردەگیرێن و دەبنە هۆکاری دەستەبەرکردنی ئاگایی مۆرفۆلۆژیانە بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی وشەی نوێ لەسەر بنەمای دروست و واتا. هەڵوەشاندنەوەی فۆرمی مۆرفۆلۆژیانەی وشەیەک و تێکشکاندنی کۆتوبەندی واتایی و دروستییەکەی، پەیوەندیی بەو زانیارییە شاراوە و ئاشکرای ئاخێوەری زمانەوە هەیە )) ( مەعرووف، ٢٠١٩: ٤١٦). جگە لەم داینامیکییەتە پاشگری (ەوە) لە دەقە فەرمییەکاندا گەیشتووەتە قۆناغی جێگیریی مۆرفۆ سینتاکسی. لە نووسینی یاساکاندا جێگیربوونی ئەم مۆرفیمە لە کۆتایی کردارە داڕێژراوەکاندا دەبێتە هۆی دروستبوونی یەکەی ڕستەسازیی جێگیر. بۆ نموونە پێکهاتەی (پێداچوونەوە بە...) بووەتە قالبێکی سینتاکسیی جێگیر کە ناتوانرێت پێکهاتەکانی لێکهەڵبوەشێنرێتەوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە (ەوە) گەیشتووەتە قۆناغی بەڕێزمانیکردنی سینتاکسی و بووەتە بەشێکی بنەڕەتی لە ڕێزمانی ڕستە فەرمییەکاندا (شاکەلی، ٢٠٠٥: ٨٨). بەمجۆرە بایەخی هەرە گەورەی (ەوە) لە دروستکردنی ئامرازە دەوردراوەکاندا (Circumpositions) دەردەکەوێت ، کە تێیدا مۆرفیمەکە و ئامرازە پێشگرەکان وەک یەک یەکەی ڕستەسازی کار دەکەن. بۆ نموونە لە پێکهاتەی (لە ڕێگەیەوە)دا بەبێ بوونی ئەم پاشگرە ئامرازە پێشگرەکان ناتوانن ئەرکە ڕێزمانییەکەیان لە ناو ڕستەدا بە تەواوی جێبەجێ بکەن (خۆشناو، ٢٠٢١: ١٥٢).

لە ئەنجامی ئەم هەمووەدا مەبەستمانە بڵێین پاشگری (ەوە) تەنها یەکەیەکی پاشکۆ نیشان نادرێت بەڵکو مۆرفیمێکی داڕێژەری ناوەکییە کە توانای هەیە ئاستە جیاوازەکانی زمان تێپەڕێنێت و لە مۆرفۆلۆژیای وشەوە ببێتە بڕبڕەی پشتی ڕستەسازیی فەرمی.

**٣,١. یەکگرتنی بونیادەکان لە ژێر چەمکی بەڕێزمانیکردندا :**

وەک لە لاپەڕەکانی پێشوودا ڕوون کرایەوە (ەوە) لە ڕێگەی پیواژۆی بەڕێزمانیکردنەوە توانیویەتی لە یەکەیەکی فەرهەنگیی شوێنییەوە ببێتە یەکەیەکی ڕێزمانیی ئاڵۆز . ئەم گۆڕانە تەنها لە ئاستی واتادا نەماوەتەوە بەڵکو گۆڕانی (!مۆرفۆ-فۆنۆلۆژی )شی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. کاتێک دەنگی (ی) وەک نێوەندگیر لە نێوان ڕەگی کردار و پاشگرەکەدا دەردەکەوێت ئەمە نیشانەی تێهەڵکێشبوونی فۆنۆلۆژییە کە دەبێتە بەڵگەی یەکەمی بەهێزیی بەستەرە مۆرفۆلۆژییەکە (محەمەد، ٢٠١٨، ل. ١٢٢). بەمشێوەیە دەشێت بڵێین کە فرەئەرکیی (ەوە) لە دەقە فەرمییەکاندا ئەنجامی ئەم یەکگرتنە بونیادییەیە. کاتێک لە یاسای پەروەردەدا زاراوەی (پێداچوونەوە) بەکاردێت زمان وەک تۆڕێکی ڕێکخراو کار دەکات کە تێیدا:

مۆرفۆلۆژیا : وشە نوێیەکە دادەڕێژێت.

سیمانتیک : واتای دووبارەبوونەوە و وردبینی دەبەخشێت.

سینتاکس : وشەکە دەخاتە ناو قالبی ڕستەسازییەوە بۆ ئەوەی ئەرکە یاساییەکەی جێبەجێ بکات.

بەپێی ئەو لایەنە تیۆریانەی کە پێشتر ڕوونکرانەوە گەیشتینە ئەوەی ، کە پاشگری (ەوە) بووەتە ( مۆرفیمێکی ستراتیژی ) لە زمانی کوردیدا. بەکارهێنانی ئەم مۆرفیمە لە دەقە فەرمییەکاندا نیشانەی هەوڵی زمانە بۆ گەیشتن بە (پوختەیی زمانەوانی). لە بری بەکارهێنانی ڕستەی درێژ بۆ دەربڕینی ( دووبارە ئەنجامدانەوەی کارێک ) زمان تەنها سوود لە توانای داڕشتنی ئەم مۆرفیمە وەردەگرێت. ئەمەش ڕێک ئەو خاڵەیە کە تیۆرییەکانی درکپێکردن ( Cognitive Linguistics) جەختی لێ دەکەنەوە ،کە بریتییە لە کەمکردنەوەی ماندووبوونی مێشک لە ڕێگەی بونیادە مۆرفۆلۆژییە چڕەکانەوە (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢، ل. ٣٥). بەپێی ئەملایەنە تیۆرییە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە

مۆرفیمی (ەوە) لە زمانی کوردیدا خاوەن ناسنامەیەکی سەربەخۆ و ( فرە-ڕەهەندە ) . ئەم مۆرفیمە بە هۆی تایبەتمەندییە دارێژەرەکانییەوە توانای ئەوەی هەیە زاراوەی نوێ بخوڵقێنێت کە لە دەقە فەرمییەکاندا وەک پایەی بنەڕەتی کار دەکەن . ئەم بنەما تیۆرییانەی کە لەم بەشەدا خرانە ڕوو ، دەبنە کەرەستەی سەرەکی بۆ بەشی دووەمی توێژینەوەکە (لایەنی پراکتیکی) کە تێیدا لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتا کۆکراوەکانی ( نالی ، ژانی گەل ، و یاسای پەروەردە) ئەم ڕاستییە زانستییانە بە ئامار و بەڵگەی دەقی دەسەلمێندرێن.

**بەشی دووەم:**

**١. شرۆڤەی قۆناغی یەکەم: دەقی ئەدەبیی کلاسیک (دیوانی نالی) :**

لە قۆناغی یەکەمی شرۆڤەی پراکتیکیدا سەرنج دەخەینە سەر ( دیوانی نالی )وەک نوێنەری زمانی ئەدەبیی ستانداردی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم . ئەوەی جێی تێبینییە لەم قۆناغەدا بەکارهێنانی پاشگری (ەوە) لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە سنووردارە . لە کۆی پشکنینی سێ بەشی جیاوازی ئەم دەقەدا ، تەنها ١٢ نموونەی ڕاستەقینەی پاشگری (ەوە) دۆزرانەوە کە وەک مۆرفیمی دارێژەر کار دەکەن.

١,١. ئەنجامە سیمانتیکییەکانی قۆناغی یەکەم :

شیکردنەوەی ئەو ( ١٢ ) نموونەیە دەریدەخات کە ئەرکی سەرەکیی پاشگرەکە لەم سەردەمەدا تەنها لە دوو خاڵدا چڕ بووەتەوە:

١ . ئەرکی گەڕانەوە (Reversive):

وەک (گەڕایەوە ، دایەوە) کە تێیدا تەنها باس لە ئاراستەی فیزیکی دەکرێت.

٢. ئەرکی گۆڕانی دۆخ (Inchoative) :

وەک (ژیایەوە ، گەشایەوە ، شکایەوە ) کە باس لە گۆڕانێکی سروشتی دەکەن.

خاڵی هەرە سەرنجڕاکێش لەم قۆناغەدا ئەوەیە کە هیچ نموونەیەکی ئەرکی دووبارەبوونەوە (Iterative) وەک وشەکانی (خوێندنەوە ، نووسینەوە ) بەدی ناکرێت . ئەمەش بە تەواوی پشتگیری لەو گریمانە تیۆرییە دەکات کە دەڵێت مۆرفیمی (ەوە) لەم قۆناغە مێژووییەدا هێشتا پیواژۆی بەڕێزمانیکردنی (Grammaticalization) بە تەواوی نەبڕیوە و وەک مۆرفیمێکی ئاراستەیی ماوەتەوە (عەبدوڵلا، ٢٠٢٢، ل. ٣٣).

**١,٢. شیکاریی تایپۆلۆژیی وشە دۆزراوەکانی ( دیوانی نالی ) :**

لە قۆناغی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەدا کە تایبەتە بە شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیای پاشگری (ەوە) لە دیوانی (نالی)دا چەند وشەیەکی دیاریکراو دەستنیشان کراون کە گوزارشت لە سەرەتاییترین ئەرکەکانی ئەم مۆرفیمە دەکەن . ئەم وشانە بەپێی ئەرکە سیمانتیکییەکانیان بۆ دوو ئاراستەی سەرەکی پۆلێن دەکرێن:

یەکەم: ئەرکی گەڕانەوە و ئاراستەیی (Reversive) :

ئەم ئەرکە لە وشەکانی وەک (گەڕایەوە، دایەوە، ناچێتەوە )دا بەرجەستە دەبێت ، کە تێیدا پاشگری (ەوە) لەگەڵ ڕەگی کردارەکانی ( گەڕا، دا، چوو ) یەکدەگرێت تا گوزارشت لە گەڕانەوەیەکی فیزیکی یان پێچەوانەبونەوەی ئاراستەی کارەکە بکات.

دووەم: ئەرکی گۆڕانی دۆخ (Inchoative):

زۆربەی وشە دۆزراوەکانی ( دیوانی نالی ) لەم خانەیەدا کۆدەبنەوە کە گوزارشت لە گۆڕانێکی قووڵی دۆخی شتەکان دەکەن . وشەکانی وەک (ژیایەوە، گەشایەوە، شکایەوە، کوژایەوە، تووایەوە، نەمایەوە، ڕازانەوە، دەمانەوە ) نموونەی زیندووی ئەم ئەرکەن. لێرەدا مۆرفیمەکە لەگەڵ ڕەگی کردارە بنەڕەتییەکانی وەک (ژیا، گەشا، شکا، کوژا، تووا، نەما، ڕازا، ما ) تێکەڵ بووە تا وەسفی گۆڕانکارییە دەروونی و فیزیکییەکانی ناو دەقە شیعرییەکە بکات.

ئەم کەمبوونی داتایە لە قۆناغی یەکەمدا بەڵگەیەکی زانستیی گرنگە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە پاشگری (ەوە) گەشەکردنێکی پلەبەپلەی هەبووە و تەنها لەگەڵ پێویستیی دەقە فەرمییەکاندا گەیشتووەتە لوتکەی فرەئەرکیی خۆی (فەتاح، ٢٠١١: ١٠٥). ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە مۆرفیمی (ەوە) لەم قۆناغەدا هێشتا نەچووەتە ناو کایەی دووبارەبوونەوەی تەکنیکی (Iterative) و زیاتر لە چوارچێوەی وەسفە فیزیکی و دۆخییەکاندا ماوەتەوە.

**_ شرۆڤەی قۆناغی دووەم: دەقی گێڕانەوە (ڕۆمانی ژانی گەل ١٩٧٢) :**

ڕۆمانی ( ژانی گەل )ی نووسەری گەورە ( ئیبراهیم ئەحمەد ) تەنها دەقێکی ئەدەبی نییە بەڵکو وێستگەیەکی مۆرفۆلۆژیی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە گەشەی پاشگری (ەوە). ئەگەر لە قۆناغی ( نالی )دا ئەم پاشگرە لە چوارچێوەی ( ئاراستە )دا قەتیس بووبێت ئەوا لەم ڕۆمانەدا دەبینین مۆرفیمەکە پیواژۆیەکی فرەوانخوازیی بڕیوە . لێرەدا (ەوە) دەبێتە مۆرفیمێکی دارێژەری چالاک کە نەک هەر واتا بەڵکو

پلەی گەیاندنی کردار و ڕەهەندە کاتییەکانیش دەگۆڕێت (بابان، ٢٠١٦، ل. ١٢).

**٢,١. شرۆڤەی تایپۆلۆژی و پۆلێنکردنی داتاکان :**

بە پشتبەستن بەو ( ١٥٠ ) وشەیەی کە وەک کۆرپسی ئەم قۆناغە لە ڕۆمانەکە دەرهێنراون ، دەردەکەوێت کە پاشگری (ەوە) بەسەر سێ خانەی سەرەکیی مۆرفۆ-سیمانتیکیدا دابەش بووە . ئەم دابەشکارییە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە مێشکی نووسەری کورد لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ، دەستی کردووە بە بەکارهێنانی توانستە شاراوەکانی ئەم مۆرفیمە بۆ گوزارشتکردن لە ئاڵۆزییەکانی ژیان و خەبات.

**٢,١,١ . ئەرکی ئاراستەیی و دژواتایی (Reversive/Directional) :**

لەم دەقەدا وشەکانی وەک (هاتەوە، گەڕایەوە، نیشتەوە، دایەوە) ڕێژەیەکی بەرچاوی داتاکان پێکدەهێنن. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەرکە کلاسیکییەکەی مۆرفیمەکە هێشتا وەک بناغە ماوەتەوە . هەر وەک ( شێرکۆ بابان ، ٢٠١٦، ل. ٢٢) ئاماژەی پێدەدات ، کە (ەوە) ئەرکی ( دژە-ئاراستە ) دەبینێت . واتە تەواوکردنی ڕووداوی کارێک کە پێشتر بە ئاراستەیەکی دی ئەنجامدراوە. بۆ نموونە لە ڕستەی (جوامێر گەڕایەوە)، (ەوە) لێرەدا ئەو ( نیوە-سوڕە ) تەواو دەکات کە کارەکتەرەکە لە چوونەوە بەرەو گەڕانەوە بڕیویەتی.

**٢,١,٢. گۆڕانی دۆخ و واتای بەستراو (Inchoative/Stabilized) :**

بەشێکی تری وشە دۆزراوەکان وەک (کوژانەوە، چەمانەوە، سووتانەوە، بڕانەوە ) دەچنە خانەی ( واتای بەستراو ) لێرەدا مۆرفۆلۆژیای وشەکە ڕێگە نادات (ەوە)ی لێبکرێتەوە چونکە وەک مۆرفیمێکی ( واتا-بەند ) کار دەکات. وەک لە نامەی دکتۆرای گۆنا عەبدوڵلا (٢٠٢٢، ل. ٣٤)دا هاتووە ،ئەمە قۆناغێکە کە تێیدا مۆرفیمەکە لەگەڵ ڕەگی کرداردا دەبێتە یەکەیەک و لێکسیمێکی (Lexeme) نوێ دەخولقێنێت کە گوزارشت لە ( ژیانەوەی دۆخێکی کۆن ) یان ( دەستپێکردنی ژانێکی نوێ ) دەکات. ئەمە ڕێک ئەو خاڵەیە کە (ەوە) لە مۆرفیمێکی ڕێزمانییەوە دەبێتە مۆرفیمێکی فەلسەفی و دەروونی لە ناو دەقەکەدا.

**٢,٢. وەرچەرخان بەرەو ئەرکی دووبارەبوونەوە (Iterative) :**

ئەم خاڵە گرنگترین بەشی شرۆڤەکردنەکەیە لە ڕۆمانی (ژانی گەل)دا ، چونکە بۆ یەکەمجار بە ڕێژەیەکی زانستی ئەرکی دووبارەبوونەوە (Iterative) سەرهەڵدەدات. وشەکانی وەک (خوێندنەوە، نووسییەوە، بانگکردنەوە، گێڕانەوە) ئەوە دەسەلمێنن کە مۆرفیمەکە لە وەسفی (شوێن) دابڕاوە و بەرەو وەسفی (کات و چەندایەتی) هەنگاوی ناوە. ئەم گۆڕانە نیشانەی پیواژۆی بەڕێزمانیکردنە (Grammaticalization) بۆیە (ەوە) چیتر تەنها ئاراستە ناگۆڕێت، بەڵکو واتا دەبەخشێت بە دووبارە ئەنجامدانەوەی کارێک. بۆ نموونە لە وشەی (خوێندنەوە)دا، (ەوە) واتا لە (خوێندن)ی سادەوە دەگۆڕێت بۆ پرۆسەیەکی درێژخایەنی تێگەیشتن. ئەم گۆڕانە مۆرفۆ-سیمانتیکییە لە ساڵی (١٩٧٢)دا زەمینەسازییەکی تەواوە بۆ ئەوەی دواتر لە دەقە فەرمییەکاندا (وەک یاسای ٢٠٢٢) ئەم مۆرفیمە ببێتە کۆڵەکەی سەرەکیی زاراوەسازی.

**٢,٣. کۆبەندی ئاماریی قۆناغی دووەم :**

ئەگەر لە دیوانی (نالی)دا ئەرکی دووبارەبوونەوە ڕێژەی (٠٪) بوو، ئەوا لە (ژانی گەل)دا ئەم ئەرکە نزیکەی (٢٥٪ بۆ ٣٠٪)ی کۆی وشە دۆزراوەکان پێکدەهێنێت. ئەم بازدانە نیشانەی ئەوەیە کە زمانی گێڕانەوەی کوردی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، مۆرفۆلۆژیای (ەوە)ی لە قۆناغی (بەکارهێنانی فیزیکی) دەرهێناوە و خستوویەتییە ناو قۆناغی (بەکارهێنانی درکپێکردن و واتایی). ئەمەش ئەو بنەما زانستییەیە کە دەیسەلمێنێت مۆرفۆلۆژیای کوردی مۆرفۆلۆژیایەکی داینامیکی و گەشەسەندووە.

**٢,٤. شیکاریی تایپۆلۆژیی پاشگری (ەوە) لە ڕۆمانی (ژانی گەل)دا :**

لەم قۆناغەدا و لە ڕێگەی شیکردنەوەی وردی مۆرفۆلۆژی بۆ (١٥٠) وشەی نموونە، سێ ئاراستەی سەرەکیی تایپۆلۆژی بۆ پاشگری (ەوە) دەستنیشان دەکرێن:

یەکەم: ئەرکی ئاراستەیی و دژواتایی (Reversive) :

ئەم جۆرە ئەرکە لە وشەکانی وەک (هاتەوە، گەڕایەوە، کشانەوە، نیشتەوە، دایەوە، دابەزییەوە، چوونەوە، کەوتەوە، فڕییەوە، نایەوە، ڕژایەوە)دا بەدی دەکرێت. ئەم وشانە گوزارشت لە جوڵەی فیزیکی دەکەن و وەک بابان (٢٠١٦) ئاماژەی پێ دەدات، لێرەدا (ەوە) ئەرکی تەواوکردنی ڕووداوێکی دژ-ئاراستە دەبینێت.

دووەم: ئەرکی دووبارەبوونەوە (Iterative)

ئەمە وەرچەرخانە گەورەکەیە کە لە وشەکانی (خوێندنەوە، نووسییەوە، گێڕایەوە، دووبارەکردنەوە، بانگکردنەوە، پشکنینەوە، گۆڕینەوە، بینینەوە، ناسینەوە، دروستکردنەوە)دا ڕەنگی داوەتەوە. لێرەدا (ەوە) وەک مۆرفیمێکی دووپاتکەرەوە کار دەکات، کە نیشانەی گەشەی زمانی کوردییە لە وەسفی فیزیکییەوە بەرەو وەسفی درکپێکردنی کات.

سێیەم: ئەرکی گۆڕانی دۆخ و واتابەست (Inchoative) ئەم ئەرکە لە وشەگەلی وەک (کۆژانەوە، چەمانەوە، بڕانەوە، سووتانەوە، ژیایەوە، گەشایەوە، توانەوە، ڕازانەوە، بزاوتەوە، داگیرساوەوە، کرایەوە، پژایەوە)دا بەرجەستە دەبێت. لێرەدا (ەوە) مۆرفیمێکی واتا-بەندە .

**٢,٥. شیکاریی ئەنجامە ئامارییەکانی قۆناغی دووەم**

لە کۆی ئەو ( ١٥٠ ) وشەیەی کە لە ڕۆمانی ( ژانی گەل )دا پشکنینیان بۆ کراوە دەتوانین دەرئەنجامە مۆرفۆلۆژییەکان بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

١. داگیرکردنی پانتایی کاتی: نزیکەی (٤٥) وشە، واتە (٣٠٪)ی داتاکان، بۆ یەکەمجار لە مێژووی دەقە وەرگیراوەکانی ئەم توێژینەوەیەدا، بۆ ئەرکی دووبارەبوونەوە (Iterative) بەکارهاتوون. ئەمە دەیسەلمێنێت کە زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٧٢دا لە ڕێگەی گێڕانەوەوە مۆرفیمی (ەوە)ی بۆ زاراوەسازیی دەروونی و کاتی ئامادە کردووە.

٢. پاراستنی ڕەسەنایەتی: ( ٦٠) وشە واتە (٤٠٪)ی داتاکان هێشتا لەسەر ئەرکە بنەڕەتییەکەی (ئاراستەیی) ماونەتەوە . ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە گەشەی مۆرفۆلۆژی ( تێکدانی ڕابردوو ) نییە، بەڵکو ( زیادکردنی ئەرکە ) لەسەر بنەما کۆنەکە.

٣. سەرهەڵدانی لێکسیمی نوێ: ( ٤٥) وشەکەی تر، واتە (٣٠٪)ی نموونەکان وەک مۆرفیمی ( واتا-بەند ) دەرکەوتوون . ئەمە پشتگیری لە تیۆرییەکەی ( بابان ، ٢٠١٦) دەکات کە دەڵێت زمانی کوردی لە ڕێگەی (ەوە)وە چەندین کرداری نوێی خوڵقاندووە کە بەبێ ئەم پاشگرە واتای تەواویان نییە . ئەم ئەنجامانە ڕێگەخۆشکەرن بۆ چوونە ناو قۆناغی سێیەم، کە تێیدا دەبینین چۆن زمانی فەرمی و یاسایی ئەم (٣٠٪)ەی ئەرکی دووبارەبوونەوەی قۆناغی دووەمی کردووەتە (٧٠٪) و بووەتە زمانی فەرمیی دەوڵەتداری.

**قۆناغی سێیەم: دەقی فەرمی (یاسای پەروەردە و فێرکردن - ٢٠٢٢) :**

لە قۆناغی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا سەرنج دەخرێتە سەر زمانی یاسایی و فەرمیی هاوچەرخ لە ڕێگەی شیکردنەوەی ( یاسای پەروەردە و فێرکردن ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٢٢ ) . جێی سەرنجە کە پاشگری (ەوە) چیتر تەنها پاشگرێکی وەسفی نییە، بەڵکو وەک ( مۆرفیمێکی ستراتیژی ) و ( ئامرازێکی زاراوەسازی - Terminological tool) کار دەکات. لەم قۆناغەدا سیستەمی مۆرفۆلۆژیی کوردی گەیشتووەتە ئاستێک کە توانای هەیە چەمکە یاساییە ئاڵۆزەکان تەنها لە ڕێگەی دارشتن بە (ەوە) چڕ بکاتەوە.

**٣,١. شیکردنەوەی مۆرفۆ-سیمانتیکیی زاراوە فەرمییەکان :**

لە دەقی ئەم یاسایەدا کۆمەڵێک زاراوەی سەرەکی دووبارە دەبنەوە کە بە پاشگری (ەوە) دارێژراون . هەر یەکێک لەم زاراوانە هەڵگری ئەرکێکی سیمانتیکیی وردە کە بۆ جێبەجێکردنی یاساکە پێویستە:

**٣,١,١. زاراوەی (پێداچوونەوە) :**

ئەم زاراوەیە یەکێکە لە چڕترین دارشتە مۆرفۆلۆژییەکان . لەم زاراوەیەدا (ەوە) ئەرکی ( دووبارەبوونەوە - Iterative) دەبینێت. وەک ( بابان ، ٢٠١٦، ل. ٢١) ئاماژەی پێدەدات، بەوەی ( کراسێکی واتایی نوێ ) لەبەر کردارەکە کراوە مەبەست لە ( پێداچوونەوە ) تەنها تێپەڕین نییە بە ناو شتێکدا بەڵکو پرۆسەیەکی فەرمیی پشکنین و هەڵسەنگاندن و چاکسازیی دووبارەیە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە مۆرفیمەکە لە وەسفی فیزیکییەوە بەرەو وەسفی ڕێکارە کارگێڕییەکان (Administrative procedures) گەشەی کردووە.

٣,١,٢. زاراوەی (نوێکردنەوە) : ئەم زاراوەیە گوزارشت لە ئەرکی ( دۆخی - Inchoative) دەکات. لە یاساکەدا مەبەست لە نوێکردنەوەی مۆڵەت یان پرۆگرامەکان، گەڕاندنەوەی ژیان و بەهای یاساییە بۆ شتەکان. (ەوە) وەک ( زیندووکەرەوەی واتا ) کار دەکات (بابان، ٢٠١٦، ل. ٢٢). ئەمە دەیسەلمێنێت کە زمانی فەرمی پێویستی بەو جۆرە دارشتنە مۆرفۆلۆژیانەیە کە توانای گۆڕینی دۆخی یاساییان هەبێت.

٣,١,٣. زاراوەی (بەرزکردنەوە) : ئەم زاراوەیە کە بۆ ( بەرزکردنەوەی پلە ) یان ( بەرزکردنەوەی تواناکان ) بەکاردێت، ئەرکێکی ( ئاراستەیی - Directional)ی هەیە بەڵام بە شێوازێکی دابڕاو (Abstract). بەمجۆرە دەتوانین بڵێین (ەوە) ئاراستەی پلەبەندیی کارگێڕی دیاری دەکات. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە تەنانەت ئەرکە کۆنەکان (ئاراستە) لە زمانی فەرمیدا جێگەیان بووەتەوە ، بەڵام بۆ مەبەستی کارگێڕی بەکار دەهێنرێن.

**٣,٢. زاڵبوونی ئەرکی دووبارەبوونەوە (Iterative) وەک نیشانەی گەشەی زمانی فەرمی :**

لە دەق( یاسای ٢٠٢٢ )دا بە ڕوونی دەبینرێت کە ئەرکی دووبارەبوونەوە (Iterative) پانتاییەکی گەورەی داگیر کردووە. وشەکانی وەک (نوێکردنەوە، پێداچوونەوە، دووبارەکردنەوە، گەڕاندنەوە، پەسەندکردنەوە) دەیسەلمێنن کە زمانی یاسایی کورد چیدی بۆ گوزارشتکردن لە دووبارەبوونەوەی کردارەکان پێویستی بە هاوەڵکاری دەرەکی ، وەک: ( دووبارە ، دیسان) نییە بەڵکو تەنها لە ڕێگەی پاشگری (ەوە) ئەم واتایە لە ناو دڵی وشەکەدا (مۆرفۆلۆژی) جێگیر دەکات.

ئەم زاڵبوونە نیشانەی گەیشتنی (ەوە)یە بە قۆناغی کۆتایی ( بەرێزمانیکردن - Grammaticalization) وەک ( گۆنا عەبدوڵڵا ، ٢٠٢٢، ل. ٣٤) دەڵێت ... لەم قۆناغەدا مۆرفیمەکە لە پۆلێکی فەرهەنگیی کراوەوە دەبێتە ( توخمێکی پۆڵ داخراو ) و وەک ( ئامرازی زاراوەسازی - Terminological suffix) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. ئەمەش ئەو خاڵە جەوهەرییەیە کە زمانی فەرمی لە زمانی ئەدەبی جیا دەکاتەوە ، لە یاسادا (ەوە) ئەرکێکی جێگیر و سیستەماتیکی هەیە کە ڕێگە لە لێکدانەوەی جیاواز دەکرێت.

**٣,٣. شیکاریی ئاماری و تایپۆلۆژیی (ەوە) لە یاسای پەروەردەی ساڵی ٢٠٢٢دا**

لەم قۆناغەدا مۆرفیمی (ەوە) دەگاتە لووتکەی بەرێزمانیکردن و دەبێتە کەرەستەیەکی بنەڕەتی بۆ داڕشتنی زاراوە یاسایی و کارگێڕییەکان. لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقی یاسای پەروەردەی ساڵی ٢٠٢٢، چەندین زاراوەی جێگیر و ناسنامەدار دەستنیشان کراون کە تێیدا پاشگری (ەوە) ئەرکە سیمانتیکییە جیاوازەکانی خۆی تێپەڕاندووە و بووەتە یەکەیەکی واتایی سەربەخۆ. گرنگترین ئەو زاراوە و ئەرکانە بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێن:

یەکەم: زاراوەی پێداچوونەوە : ئەم زاراوەیە لە ڕەگی مۆرفۆلۆژیی (پێدا + چوون) پێکدێت. ئەرکە سیمانتیکییەکەی لێرەدا بریتییە لە دووبارەبوونەوە (Iterative). لە زمانی فەرمیدا، ئەم وشەیە گوزارشت لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن و پشکنینی دووبارەی بڕیار و یاساکان دەکات و یەکێکە لە زاراوە هەرە چەسپاوەکان.

دووەم: زاراوەی نوێکردنەوە : ئەم زاراوەیە لە (نوێ + کردن) پێکدێت و ئەرکەکەی لە جۆری گۆڕانی دۆخە (Inchoative). مەبەست لەم وشەیە لە ناو یاساکەدا، درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی یان نوێکردنەوەی مۆڵەت و ڕێپێدانە فەرمییەکانە.

سێیەم: زاراوەی بەرزکردنەوە : ئەم زاراوەیە لە (بەرز + کردن) پێکدێت و ئەرکێکی ئاراستەیی (Directional) دەبینێت. لە زمانی فەرمیدا، ئەم وشەیە بە مەبەستی گۆڕینی پلە یان ئاستی کارگێڕیی فەرمانبەران و مامۆستایان بەکاردێت.

چوارەم: زاراوەی گەڕاندنەوە : ئەم وشەیە لە ڕەگی (گەڕاندن)ەوە هاتووە و ئەرکێکی گەڕانەوەی پێچەوانە (Reversive) دەبینێت. لە یاساکاندا بە واتای وەرگرتنەوەی ماف یان گەڕاندنەوەی پابەندییە دارایی و کارگێڕییەکان بۆ سەرچاوەی یەکەم بەکاردێت.

پێنجەم: زاراوەی پەسەندکردنەوە : ئەم زاراوەیە لە (پەسەند + کردن) پێکدێت و ئەرکی تەواوکاری (Completive) لە ئەستۆ دەگرێت. مەبەست لێی متمانەدانەوەی فەرمی و کۆتاییە بە پڕۆژە و بڕیارەکان.

ئەم ئەنجامانە بە ڕوونی دەیسەلمێنن کە لە ساڵی ٢٠٢٢دا، مۆرفیمی (ەوە) بووەتە ناسنامەی سەرەکیی زمانی فەرمیی کوردی. یەکێک لە گۆڕانە هەرە بەرچاوەکان ئەوەیە کە ئەگەر لە سەردەمی (نالی)دا ڕێژەی ئەرکی دووبارەبوونەوە (Iterative) نزیک بووبێت لە سفر، ئەوا لەم یاسایەدا ئەم ئەرکە زیاتر لە ٦٠٪ی کۆی بەکارهێنانەکان پێک دەهێنێت. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە زمانی کوردی لە وەسفی فیزیکییەوە گۆڕاوە بۆ زمانێکی تەکنیکی و کارگێڕیی هاوچەرخ.

**_ شرۆڤەی بەراوردکاریی گەشەی مۆرفۆ-سیمانتیکیی پاشگری (ەوە) :**

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە کە لەسەر بنەمای شیکردنەوەی سێ قۆناغی جیاوازی زمانی نووسراوی کوردی (ئەدەبی کلاسیک، گێڕانەوە، و زمانی فەرمی) ئەنجامدراون . دەیسەلمێنن کە مۆرفۆلۆژیای پاشگری (ەوە) پرۆسەیەکی داینامیکی و گەشەسەندووی بڕیوە. لە قۆناغی یەکەمدا کە ( دیوانی نالی ) نوێنەرایەتی دەکات، ئەرکەکانی ئەم پاشگرە تەنها لە چوارچێوەی وەسفی فیزیکی و ئاراستەی شوێنی یان گۆڕانی دۆخی سروشتیدا قەتیس بووە ، بە جۆرێک کە ئەرکی دووبارەبوونەوە (Iterative) بە تەواوی تێیدا وونە و غائیبە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا ، مۆرفیمەکە هێشتا وەک یەکەیەکی

فەرهەنگیی جێگیر مامەڵەی لەگەڵ کراوە و نەچووەتە ناو کایە ئاڵۆزەکانی وەسفی کات و ڕێکارییەوە.
لەگەڵ تێپەڕبوون بەرەو قۆناغی دووەم و سەرهەڵدانی زمانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ژانی گەل )دا وەرچەرخانێکی ( مۆرفۆ-سیمانتیکیی ) بەرچاو بەدی دەکرێت. لەم قۆناغەدا پاشگری (ەوە) دەست دەکات بە جێهێشتنی واتا فیزیکییەکان و بۆ یەکەمجار ئەرکی دووبارەبوونەوە وەک بەشێکی گرنگی مۆرفۆلۆژیای کردار سەرهەڵدەدات . ئەم گۆڕانە نیشانەی دەستپێکردنی پیواژۆی بەڕێزمانیکردنە (Grammaticalization) کە تێیدا مۆرفیمەکە لە وەسفی ( جوڵە لە شوێن )ەوە دەگۆڕێت بۆ وەسفی ( دووبارەبوونەوە لە کاتدا ) . ئەم قۆناغە زەمینەسازییەکی تەواوە بۆ گۆڕینی (ەوە) لە پاشگرێکی سادەوە بۆ مۆرفیمێکی داڕێژەری فرەئەرک کە توانای هەیە ( بەرگێکی واتایی نوێ ) ببەخشێتە کردارەکان.
لوتکەی ئەم گەشە مۆرفۆلۆژییە لە قۆناغی سێیەم و لە زمانی فەرمیی ( یاسای پەروەردەی ٢٠٢٢ )دا بەرجەستە دەبێت. لەم قۆناغەدا ئەرکی دووبارەبوونەوە و تەواوکاری دەبێتە ئەرکی سەرەکی و زاڵ ، بە جۆرێک کە پاشگری (ەوە) دەبێتە ئامرازێکی ستراتیژی بۆ زاراوەسازیی یاسایی و کارگێڕی. جێگیربوونی ئەم مۆرفیمە لە زاراوەکانی وەک ( پێداچوونەوە و نوێکردنەوە ) دەیسەلمێنێت کە زمانی فەرمی توانیویەتی توانستە مۆرفۆلۆژییەکانی ئەم پاشگرە بۆ مەبەستی پوختەکاریی زمانەوانی و وردبینیی واتایی بەکاربهێنێت. لەم قۆناغەدا مۆرفیمەکە چیتر تەنها پاشکۆیەکی واتایی نییە بەڵکو بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ناسنامەی ( سینتاکسی و سیمانتیکیی ) دەقە فەرمییەکان کە ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە بۆ زیندوێتی و توانای خۆگونجاندنی سیستەمی وشەسازیی زمانی کوردی لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەم.

**- ئەنجام :**

**بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوە تیۆری و پراکتیکییەکانی ئەم توێژینەوەیە کە تێیدا سێ قۆناغی جیاوازی زمانی نووسراوی کوردی (دیوانی نالی، ڕۆمانی ژانی گەل ، یاسای پەروەردە) شیکارییان بۆ کراوە ، گەیشتینە ئەم ئەنجامە سەرەکییانەی خوارەوە:**

**١_ گەشەی مێژوویی و تایپۆلۆژی : شیکاریی کۆرپسەکان دەریدەخات کە پاشگری (ەوە) لە ماوەی ( ١٣٠ ) ساڵی ڕابردوودا (١٨٩٠-٢٠٢٢) گۆڕانێکی مۆرفۆ-سیمانتیکیی ڕادیکاڵی بەسەردا هاتووە . لە قۆناغی نالیدا (١٨٩٠) ئەم پاشگرە تەنها وەک مۆرفیمێکی ئاراستەیی و دۆخی ماوەتەوە (Inchoative ٪٥٨ و Reversive ٪٣٣)، بە جۆرێک کە ئەرکی دووبارەبوونەوە (Iterative) ڕێژەکەی (٪٠) بووە. ئەمە دەیسەلمێنێت کە مۆرفۆلۆژیای (ەوە) لە سەدەی نۆزدەیەمدا هێشتا نەچووبووە ناو کایەی وەسفی کاتی و دووبارەبوونەوەوە.**

**-٢_ پیواژۆی بەڕێزمانیکردن (Grammaticalization) : توێژینەوەکە دەریخست کە (ەوە) پرۆسەیەکی گەشەی مێژوویی بڕیوە ، لە وەسفێکی فیزیکیی کۆنکرێتەوە گۆڕاوە بۆ مۆرفیمێکی ڕێزمانیی پەتی. ئەم گۆڕانە لە قۆناغی دووەمدا (ژانی گەل) بە ڕێژەی ( ٪١٣ ) دەستی پێکردووە و لە قۆناغی سێیەمدا (یاسای ٢٠٢٢) گەیشتووەتە لوتکە و بووەتە ئەرکی سەرەکی.**

**٣_ - لوتکەی گەشە لە زمانی فەرمیدا : دەرکەوت کە زمانی فەرمی و یاسایی هاوچەرخ، پاشگری (ەوە)ی وەک ( ئامرازێکی ستراتیژیی زاراوەسازی ) بەکارهێناوە. زاڵبوونی ئەرکی دووبارەبوونەوە (Iterative) لە دەقە فەرمییەکاندا (٪٥٥)، نیشانەی پێویستیی ئەم جۆرە دەقانەیە بۆ وردبینی و پوختەکاریی زمانەوانی لە جیاتی بەکارهێنانی هاوەڵکاری دەرەکی.**

**-٤_ دروستبوونی لێکسیمی نوێ : پاشگری (ەوە) مۆرفیمێکی داڕێژەری (Derivational) بەهێزە کە لێکسیمی نوێ (Lexeme) دەخوڵقێنێت. ئەمە لە کردارە ( واتا-بەندکاندا ) وەک: ( پێداچوونەوە، نوێکردنەوە) بە ڕوونی بەدی دەکرێت کە تێیدا پاشگرەکە بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ناسنامەی وشەکە.**

**-٥_ یەکگرتنی مۆرفۆ-سینتاکسی: لە دەقە فەرمییەکاندا ( ەوە) چیتر تەنها پاشگرێکی وشەسازی نییە بەڵکو بووەتە یەکەیەکی جێگیری سینتاکسی کە ئاراستەی ڕووداوە یاساییەکان و پلەی گواستنەوەی کردارەکان لە ناو ڕستەدا دیاری دەکات.**

**- لیستی سەرچاوەکان (References)**

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**

**-_ ئەحمەد، ئیبراهیم (١٩٧٢). ژانی گەل (ڕۆمان). چاپی دووەم، بەغدا: چاپخانەی ڕاپەڕین.**

-_ ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٧). تایپۆلۆژیای زمانی کوردی ، گۆڤاری ئەکادیمی ، ئەکادیمیای کوردی، ژماره (٦)، لاپەڕه ٣١٣-٣١٧.
-_ ئەمین، وریا عومەر (٢٠١١). پێتوکەکانی زمانەوانی ، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
-_ بابان، شێرکۆ (٢٠١٦). سێ مۆرکی ڕێزمانی کوردی: ڕێزمانی مورفیمی ئێستایی (ە ) ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی (ە ). هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.
-_ خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا (٢٠٢١). مۆرفۆلۆژیای زمانی کوردی هەولێر: ناوەندی ئاوێر.
-_ ڕەسووڵ، هەرێم قادر (٢٠٢٢). ڕستەسازیی کوردی لە ڕوانگەی تایپۆلۆژییەوە. نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین.
- شاکەلی، فەرهاد (٢٠٠٥). هەندێک کێشەی ڕێزمانی زمانی کوردی. سوید: بڵاوکراوەی ئاپێک.
_ - عەبدوڵلا، گۆنا عومەر (٢٠٢٢). تۆڕبەندی ڕێزمانی وشە لە زمانی کوردیدا. نامەی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
-_ فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١١). زمانەوانی (کۆمەڵە توێژینەوەیەکی زمانەوانی). سلێمانی: چاپخانەی ڕوون.
-_ مەلا، خدر (نالی) (١٩٧٦). دیوانی نالی. لێکۆڵینەوە و لێدوان و ساغکردنەوەی عەبدولکەریم مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، چاپی یەکەم، بەغدا: کۆڕی زانیاری کورد.

-_ مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٩). ئاگاپی مۆرفۆلۆژیانە لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی کەرکوک بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی (١٤)، ژمارە (٢)، لاپەڕە ٤١٤-٤٣١.
- نەبەز، جەمال (١٩٧٦). زمانی کوردی و کێشەی نووسین. بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

دووەم: سەرچاوە بیانییەکان :

- البرزی، پرویز (١٣٩٢). مبانی زبان‌شناسی متن. تهران: انتشارات امیرکبیر.
_ Fischer, O. C. M. (2000). - 'Grammaticalisation: unidirectional, non-reversable? The case of to before the infinitive in English'. In: _ Rosenbach, A., Fischer, O. and Stein, D. (eds.) Pathways of Change: Grammaticalization in English. Amsterdam: Benjamins, pp. 149-169.
_ Kleszczowa, K. and Pastuchowa, M. - (2009). 'Word formative grammaticalisation', Linguistics Studies of Slavic Languages, 14(1), pp. 63-72.
_ Milică, I. (2010). 'Grammaticalization - and Expressiveness', Revue Roumaine de Linguistique (RRL), LV(3), pp. 301–312.
_ Whaley, L. J. (1997). Introduction to - Typography: The Unity and Diversity of Language. Thousand Oaks: Sage Publications.

سێیەم: بەڵگەنامە فەرمییەکان

- پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٢). یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان - عێراق، یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢. وەقایعی کوردستان، ژمارە (٢٩٣).